10.17656/jlps.10272

# ڕۆڵی چین لەسەر هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆكرانیا

م. ی.  احمد عبدالكريم احمد
كۆلیژی زانستە سیاسییەكان
كۆلیژی زانستە سیاسییەكان/ زانكۆی سەلاحەدین
Ahmed.ahmed4@su.edu.krd

# دور الصين في ميزان القوى الدولي بعد الغزو الروسي لأوكرانيا

م. م.  احمد عبدالكريم احمد
كلية العلوم السياسية
كلية العلوم السياسية/جامعة صلاح الدين
Ahmed.ahmed4@su.edu.krd

# The Role of China in the International Balance of Power After the Russian Invasion of Ukraine

**Assist. Lect. Ahmed Abdulkarim Ahmed**
**College Of  Political Scince**
**College Of  Political Scince/ Salahaddin University**
**Ahmed.ahmed4@su.edu.krd**

ملخص
تتسم سياسة الصين تجاه الحرب الروسية الأوكرانية بالغموض، حيث توازن بين علاقاتها القوية مع روسيا ومصالحها مع الغرب. الصين تسعى لتقليص الهيمنة الأمريكية ودعم نظام عالمي متعدد الأقطاب عبر تحالفات مثل البريكس ومنظمة شنغهاي. تستخدم الصين أدوات مثل **مبادرة الحزام والطريق** والاقتصاد الرقمي لتعزيز نفوذها. كما تختبر الحرب الروسية الأوكرانية ردود الفعل الغربية على أي تدخل صيني في **تايوان** .تشكل هذه الحرب فرصة للصين لعرض نفسها كقوة صاعدة قادرة على إعادة تشكيل توازن القوى الدولي نحو تعددية الأقطاب بدلاً من الأحادية.
الكلمات الاساسية: القوة الناعمة الصينية، التعددية القطبية، مبادرة الحزام والطريق، الاقتصاد الرقمي الصيني، الاستراتيجيات الصينية بعد الحرب.

**Abstract:**
China's policy towards the Russian-Ukrainian war is characterized by ambiguity, as it balances its strong relations with Russia and its interests with the West. China seeks to reduce American hegemony and support a multipolar world order through alliances such as BRICS and the Shanghai Cooperation Organization. China employs tools like the Belt and Road Initiative and the digital economy to enhance its

influence. Through the Russian-Ukrainian war, China is also testing Western reactions to any potential Chinese intervention in Taiwan. This war presents an opportunity for China to present itself as a rising power capable of reshaping the international power balance towards multipolarity, rather than unipolarity.

**Keywords:** Chinese Soft Power, Multipolarity, Belt and Road Initiative, Chinese Digital Economy, Chinese Strategies After the War.

پوختە

تێگەیشتن لە سیاسەتی چین سەبارەت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ناڕوون و زەحمەتە، چونکە چین هەڵوێستێکی جێگیری نییە، لە لایەکەوە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ڕووسیا و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، لەلاکەی ترەوە بەرژەوەندی هەیە لەگەڵ ڕۆژاوا و سوودیان لێ دەبینێت. چین و ڕووسیا هەمان هەڵوێستی نەرێنییان سەبارەت بە ناتۆ و سیاسەتەکانی هەیە و هەمان ڕوانینیشیان بەرامبەر بە پەیکەری هێز لە سیستمی نێودەوڵەتی هەیە، هەردوولاش دەیانەوێت سنوورێک بۆ هەژموونی ئەمریکا دابنێن و سیستمێکی نوێی جیهانی فرە جەمسەر دروست بێت کە کۆمەڵەی بریکس[1] و ڕیکخراوی شەنگەهای بۆ هاریکاری[2] ڕۆڵێکی گەورە تێدا بگێڕن.

سیاسەت و ستراتیژییەتی چین و هەوڵەکانی لە جێبەجێ کردنیاندا ئەوە دەردەخەن کە چین بەرە و دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی و هەڵوەشاندنەوەی تاک جەمسەرییە بۆ فرە جەمسەری، ستراتیژییەتەکانیشی بەکارهێنانی سیاسەتی هێزی نەرمە وەکو پرۆژەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا و دووبارە بونیاتنانەوەی ڕێگای ئاوریشم بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە سەر ڕێگای ئاوریشم، پێشەنگ بوونی چین بەهۆی شۆڕشی دیجیتاڵی، بە جیهانی کردنی دراوی یوان و دامەزراندنی بانکی ئاسیایە بۆ وەبەرهێنان. ئەم شەڕەی ئۆکرانیا و ڕووسیا تاقیگە و ئەزموونێکی کردەیی و باشە بۆ شارەزایانی سەربازی و دروستکەرانی بڕیاری چینی تاوەکو بزانن چۆن ئەمریکا و ئەوروپا مامەڵە دەکەن لە هەر کردەیەکی سەربازی چینی بەرامبەر تایوان و هێڵی سوور و سنووری خۆی لەبەرامبەر ڕۆژاوا بزانێت. چین ئەو بارودۆخەی کە لە ئەنجامی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

---

(١) کۆمەڵەی بریکس: کۆمەڵەی بریکس، بەپیی ئەو گەشە ئابورییە خێرایەی کە وڵاتانی ئەندامی هەیتیان، یەکێکە لە گرنگترین کۆمەڵە ئابووریەکانی جیهان، بیرۆکەی دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٦، ، کورتکراوەی ناوەکەشی (BRICS) پێکدێت لە پیتی یەکەمی ناوی ئەو وڵاتانانەی کە سەرکردایەتی هێزە ئابووریەکانی جیهان دەکەن، وڵاتەکانیش وەکو: بەڕازیل، ڕووسیا، هیندستان، ئەفریقای باشور و چین(الجزیرة، ٢٠٢٤).

(٢) ڕێکخراوی شەنگەهای بۆ هاریکاری: ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئۆڕاسییە، لە في 15 حزیران 2001 لە شێوەی هاوپەیمانێتی سیاسی، ئابووری و سەربازی لە شاری شەنگەهای چینی دامەزرا. لە سەرەتادا تەنها ٦ وڵات بوون کە پێهکهاتبوو لە چین، ڕوسیا، کازاخستان، قیرغیزستان، تاجیکستان و ئوزبەکستان، دواتر لە 9 حوزەیرانی 2017، لە لوتکەی ئەستانە هیند و پاکستانیش وەک دوو وڵات بە تەواوی مافی ئەندامێتی هاتنە ڕیزیان. لە 17 ئەیلولی 2021 ئێرانیش لە ئەندامی چاودێرەوە بووە ئەندامی ڕێکخراو بە تەواوی مافی ئەندامێتییەوە. ئەم ڕێکخراوە لە ئێستادا زۆر ولاتی تریشی بە سیفەتی ئەندامی چاودێر تێدا هەیە، لەوانەش: بیلاڕوسیا، ئەفغانستان، مەنغۆلیا، نیپال، کەمبۆدیا، ئەرمینیا، سریلانکا و تورکیا. چەندین وڵاتی تریش هەوڵدەدەن بۆ بەشداریکردن تێیدا(المرصد، ٢٠٢٣).

هاتۆتە ئاراوە قۆزتەوە تاوەکو خۆی وەکو زلهێزێک و ئەمریکاش بە لاوازتر لەخۆی پیشان بدات و هەرخۆی زیاتر لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕۆڵ ببینێت. هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە چین توانای ڕۆڵ بینینی هەیە لە دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی و بە جەمسەر بوون، ئینجا گۆڕینی تاک جەمسەری بۆ فرە جەمسەری.
وشە سەرەکییەکان: هێزی نەرمی چینی، فرەجەمسەری، دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگا، ئابووری ژمارەیی چینی، ستراتیژییەتەکانی چین دوای شەڕ.

پێشەکی:
قەیرانی ئۆکرانیا کە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام بە هێرش کردنی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، ئەو قەیرانە بەتەواوی باڵی بەسەر هەموو کێشە نێودەوڵەتییەکانی تر داکێشا و گرنگی زۆری پێدرا، چونکە لە ڕووی ئابوری و سیاسی و ستراتیژییەوە جیگای مەترسی بوو بۆ ئەوڕووپا.ئەم قەیرانەش دەرفەتێکی باشە بۆ چین کە زیاتر گەشە بە پێگەی خۆی بدات و ڕۆڵێکی کاریگەرتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بگێڕێت و دووبارە هاوسەنگی نێودەوڵەتی بە پێی گرنگی پێگەی خۆی دابڕێژێتەوە. دەکرێت بڵێین لەو ئێستادا جیهان لە ڕووی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتیدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە هاتنەپێشەوەی چین وەک زلهێزێکی دیاری جیهانی بووەتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دووبارە داڕشتنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی. لەم چوارچێوەیەدا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا وەک ڕووداوێکی سەرەکی لە مێژووی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕوویدا، ئەمەش ئاڵنگارییەکی نوێ بوو لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکان، لە نێویشیاندا چین. چین کاریگەرترینی ئەو وڵاتانەیە کە لە ڕێگای سیاسەتی ئابووری و دیپلۆماسی و ئامانجە ستراتیژییە درێژخایەنەکانەکانییەوە. هەوڵ دەدات بۆ داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی.
لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لە شوباتی ٢٠٢٢دا تیشکی خستە سەر ئەو دەرفەت و ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی چین دەبنەوە لە لەگەڵ ڕۆژئاوادا. چین لە هاوکاریکردنی سەربازی و ئابووریدا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕووسیا هەیە، لەوەش تێدەگات کە ئەگەر بە تەواوەتی لایەنگری مۆسکۆ بکات ئەوا زیان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەگەیەنێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی بازرگانی و تەکنەلۆجیادا. لە هەمان کاتیشدا چین پێی وایە ئەم شەڕە گرنگە لە تاقیکردنەوەی توانای خۆی بۆ پێشخستن و گۆڕینی سیستەمی نێودەوڵەتی لە تاک جەمسەریی و هەژموونی تاک لایەنەی ئەمریکاوە بەرەو فرە جەمسەری.
ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ ڕۆڵی چین دەکات لە هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی، لە دوای لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، ئەویش بە شیکردنەوەی سیاسەت و ئامرازە دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی، لەوانە دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا، تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و هێزی نەرم.

گرنگی توێژینەوە:
قەیرانی ئۆکرانیا بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر زۆر لە وڵاتانی جیهان، زۆر پرسی تری جیهانی پێوە بەستراوەتەوە. دوای ڕووسیا چینیش ئامادەیی خۆی هەیە لەم قەیرانە،

ئەویش بەدوای ئامانجی خۆیەتی لە نەهێشتنی سیستمی تاک جەمسەری. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵدەدات ڕۆڵی چین لە دوای قەیرانی ئۆکرانیا، بەتایبەت هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لە هێنانە کایەی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی پیشان بدات و شیکاریی بۆ ئەو هەوڵانەی چین بکات کە گرتۆیەتەبەر لە گۆڕینی تاک جەمسەری جیهانی بۆ فرە جەمسەری.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوە ئەوەیە کە لە دوای شەڕی ئۆکرانیا، ڕۆڵی چین لە دووبارە هاوسەنگی نێودەوڵەتی بخەینەڕوو، باسی ستراتیژ و هەوڵەکانی چین بکەین لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی جیهانی و گۆڕینی سیستمی تاک جەمسەری.

پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: ڕۆڵی داهاتووی چین لە سەر هاوسەنگی نێودەولەتی چی دەبێت لە دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا؟

گریمانەی توێژینەوە:

چین ڕۆڵی دەبێت لە دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تاک جەمسەری و هێنانەکایەی سیستمی فرەجەمسەری.

میتۆدی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەک پێویستی بە بەکارهێنانی میتۆدێک یا زیاترە، من لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەسفی و شیکاریمان بەکارهێناوە.

بەهۆیانەوە باس و شیکاری بۆ چەمکی هێزی نەرمی چینی دەکەم و چۆن بەگرتنەبەری ئەم سیاسەت و ستراتیژیەتە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی توانیویەتی ئاست و توانای خۆی لە سەر ئاستی هەرێمی و جیهانی بەرز بکاتەوە و هەوڵ بدات سیستمی تاک جەمسەری هەڵبوەشێنتەوە و خۆی بەرەو بە جەمسەربوون پێشبخات. بۆ ئەمەش پشتمان بە زۆر سەرچاوەی گرنگ بەستاوە و داتا و زانیاری گرنگمان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بەکارهێناوە.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بە ناونیشانی قەیرانی ئۆکرانیا و کاریگەرییەکانی، دابەشمان کردۆتە سەر سێ باس، لە باسی یەکەمیدا کە باسێکی تیۆرییە، باسی چەمکەکانی هێزی نەرم و هەڵکشانی ئاشتییانەمان کردووە و تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێمان خستۆتەڕوو کە وەک بنەمای کارکردنی ڕۆڵی چین لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لە توێژینەوەکەمان بەکارمان هێناوە، باسی دووەمیش سێ داواکراوە، تێیدا هەڵوێستەکانی چین لە بەرانبەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چۆنیەتی هەڵکشانی باسکراوە. لە باسی سێیەمیشدا دیسان بە سێ داواکراو کاریگەرییە ئابوورییەکان لەسەر چین و بەرەوپێشچوونی بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی نەرم خراوەتەڕوو. بەشی دووەمیش بە ناونیشانی سیاسەتی چین بەرانبەر هاوپەیمانێتی ناتۆ و سیستمی جیهانی و فرە جەمسەرییە و دابەشمان کردۆتە سەر دوو باس، باسی یەکەم لەسەر سیاسەتی چینە لە بەرانبەر هاوپەیمانێتی ناتۆ و هەژموونی ئەمریکی. باسی دووەمیش، دەربارەی ستراتیژییەتیی چین و چاودێریکردنی ستراتیژییەتییەکەییەتی لە ژێر تیشکی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە تیایدا پیشانی

دەدات چین چۆن لە لە ململانێ و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سوودی وەرگرتووە ، پەرچەکرداری نێودەوڵەتی تاقیکردۆتەوە، هەروەها هەوڵی داوە وێنەیەکی جوانی چین وەک هێزێکی هەڵکشاو بخاتەڕوو.

**بەشی یەکەم: قەیرانی ئۆکرانیا و کاریگەرییەکانی**

**باسی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**یەکەم: چەمکی هێزی نەرم:**

جۆزێف نای سەبارەت بە هێزی نەرم دەڵێت: هێزی نەرم بریتییە لە توانای بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەخوازرێت لە ڕێگەی هێزی ڕاکێشانەوە نەک بە زۆرەملێ یان پارەدان(Nye, 2014, p44). واتا لە ڕێگای قەناعەت پێهێنان و ڕازیکردن نەک لەڕێگای چەک و شەڕ و ترساندن و ناچارکردن.

گرنگترین پایەکانی هێزی نەرمیش بە ڕیزبەندی بریتییە لە: ئابووری(بازاڕ)، فێرکردن(بەشداری پێکردنی نەتەوە جیاکان لە ناوەندەکانی فێرکردن)، شارستانێتی(کاریگەری ڕۆشنبیری)، هاریکاری دەرەکی(بۆ گەشەپێدانی وڵاتان)، ناوبانگی وڵات لەدەرەوە، سەرکردایەتی حکومەت(ڕوونی لە کارکردن) و دبلۆماسییەت(Wagner,2014, p3)

**دووەم: چەمکی هەڵکشانی ئاشتییانە:**

چەمکی هەڵکشانی ئاشتییانەی چین لە ساڵێ ٢٠٠٣ بەدیارکەوت کە لەلایەن ڕاوێژکاری سیاسی چینی (زینگ بێجیان) داڕێژابوو، بێجان ناوی لەڕیزبەندی ٤٤ ی ئەو لیستە ١٠٠ بیرمەندە جیهانییەیە کە گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی) لە کانونی یەکەمی ٢٠١٠ بڵاوی کردەوە. زینگ لە ڕێگەی ئەم چەمکەوە دەیەوێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دڵنیا بکاتەوە کە گەڕانەوەی چین بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی وەک یاریکەرێکی سەرەکی، نابێتە هۆی هەڕەشە و تێکدانی ئاسایش و پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی، هەروەک لەکاتی بەدیارکەوتنی هێزی نێودەوڵەتی نوێ یان گەڕانەوەی هێزێک ورووەدات. چەمکی هەڵکشانی ئاشتییانە ئاماژەیە بۆ پێنج ڕەگەزی سەرەکی ئەونیش بریتین لە(باکیر، ٢٠١١):

١-چین سوود لە ئاشتی جیهانی وەردەگرێت لە گەشەپێدانی وڵاتەکەی، لە بەرانبەردا لە ڕێگای ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتنەی کە بەدەستی دێنێت ئاشتی جیهانی پتەوتر بکات.

٢-چین تەنها پشت بە توانا و هەوڵدانی خۆی دەبەستێت.

٣-بەردەوام بوون لە سیاسەتی کرانەوە و بازرگانی نێودەوڵەتی کارا و ئاڵوگۆڕی بازرگانی وەک گرێنتی هێنانەدی ئەو ئامانجە.

٤-دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هێنانەدی چەمکی هەڵکشانی ئاشتییانە چەندین نەوە و ساڵی پێویستە.

٥-لەمیانەی هەوڵدانی بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە، نابێت ببێتە هۆی مەترسی لەسەر هیچ وڵاتێک یان نابێت لەسەر حیسابی وڵاتێک بێت.

**سێیەم: تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ(Neo-Classical Realism):**

بەمەبەستی خستنەڕووی پێگە و ڕۆڵی ئێستا و داهاتووی چین وەک یەکێک لەگرنگترین کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان کە هەوڵدەدات بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و داڕشتنەوەی سیستمی نێودەوڵەتی کە خۆی لە سیستمی تاک جەمسەری ئەمریکا دەبینێتەوە بەرەو سیستمی فرەجەمسەری لە توێژینەوەکەمان پشتمان بەستاوە بە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ. چونکە ئەم تیۆرە گونجاوە بۆ باس و شیکاری هەڵکشانی پێگەی چین و ڕۆڵی لەسەر هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا.

**تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ(Neo-Classical Realism):** ئەم تیۆرە تێکەڵەیەکە لە ڕیالیزمی کلاسیکی و ڕیالیزمی نوێ، کە هەردووکیان باس لە پشێوی ژینگەی نێودەوڵەتی و پێکدادانی بەرژەوەندی وڵاتان دەکەن، وادەکات هێزی هەڵکشاو لەگەڵ هێزەکانی تر توشی بەریەککەوتن بێت(عودة، ٢٠٠١، ص٤٤). تاوەکو باشتر لە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بگەین، هەردوو تیۆری ریالیزمی کلاسیکی و ڕیالیزمی نوێ باس دەکەین، چونکە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ تێکەڵەی هەردوو تیۆرییەکەیە.

**تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی:** تیۆرێکی سیاسی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانە و بنەچە هزرییەکەی بۆ تیۆرەکانی ئێدوارد کار و هانز مۆرجینثاو دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە دوای شکستهێنانی تەوژمی ئایدیاڵی سەری هەڵدا و بۆ ماوەی شەش دەیە باڵی کێشا بەسەر توێژینەوەکانی ئاسایش و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای باوەڕنەبوون بە چاکەخوازی مرۆڤ دروست بووە، باوەڕی بەهیچ کارێکی سیاسی نییە کە لە چاکەکاری مرۆڤەوە بێت و چەند بنەمایەکی دیاریکراوی پێشکەش بە سیاسەتی نێودەوڵەتی کرد و لەو بنەمایانە دەڵێت: مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی خراپەکارە و ویستی خۆ سەپاندن و بەدەستهێنانی هێزی هەیە، ئەمەش لە ململانێ و جەنگەکان بەدیاردەکەوێت(العزة، ٢٠٢٣). تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی باس لە چۆنیەتی کارکردنی سیستمی نێودەوڵەتی دەکات و هۆکاری ڕوودانی ململانیی نێوان وڵاتان دەخاتەڕوو. گرنگتریین گریمانە سەرەکییەکانیشی ئەمانەن:

-ئەم تیۆرە جێبەجێکردنی بنەماکانی ڕەوشت لە ڕەفتاری وڵاتان ڕەتدەکاتەوە.

-وڵاتی نیشتمانی یەکەی سەرەکی شیکارییە.

-ولاتان بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕەفتار دەکەن.

-دەسەلاتێکی باڵای زاڵ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی نییە تا پەیوەندییەکان ڕێکبخات، بەڵکو پشێوییە.

-ململانێ لەسەر هێز، جەوهەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە.

ئەم تیۆرە گەشەی کرد و چەندان تەوژمی هزری تری لێ بوویەوە، لەوانەش ڕیالیزمی نوێ، ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ، ڕیالیزمی هێرشبەرانە و ڕیالیزمی بەرگریکارانە (جابر، ٢٠٢٠).

بەهۆی ئەو ڕەخنانەی کە لە ڕیالیزمی کلاسیکی گیرا، هەوڵدرا ئەم چەمکە لەگەڵ واقع و بارودۆخ و ژینگەی نێودەوڵەتی بگونجێنرێت، بۆیە چەمکی ریالیزمی نوێ(New Realism) هاتەکایەوە کە کینث واڵتز ناوی لێنا ڕیالیزمی پێکهاتەیی (Structural realism) (عودة، ٢٠٠١، ص٤٤).

گرنگترین گریمانەکانی تیۆری ڕیالیزمی نوێ یان ڕیالیزمی پێکهاتەیی بریتییە لە(عبدالناصر، ٢٠٠٧، ص١٧٥ ):

-لە سیستمی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام لە ململانێ و پشێوی دایە.

-وڵات یەکەی شێکاری کارای ناوەندی سیستمی نێودەوڵەتییە.

-وڵاتان هەوڵی هێنانەکایەی ئەوپەڕی ئاسایش دەدەن.

-وڵاتان هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆیان دەدەن بێ ئەوەی ئەو زیادکردنە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئەوانی تر.

گۆڕانکاری ڕیشەیی و مەترسیدار دەکەوێتەسەر ئاستی دابەشکاری هێز لەنێوان یەکە سیاسییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی.

-سیستمی دوو جەمسەری زیاتر سەقامگیرترە لە سیستمی تاک جەمسەری.

ئێمە کە لە نێوان تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێمان وەرگرتووە چونکە گریمانە دەکەین هەڵکشانی چین لە سیستمی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوەی چین لە تاک جەمسەرییەوە بەرەو دوو یان فرەجەمسەری هەنگاو بنێت، ئەمەش ئەگەری هەیە ململانێکان بەرەو توندی بڕوات و پێکدادان لەگەڵ زلهێزێکی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبدات(العابدین، ٢٠٢٤، ص١٧٥).

**باسی دووەم: هەڵوێستەکانی چین لە بەرانبەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا**

**یەکەم: قەیرانی ئۆکرانیا**

هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیا هەمان ئاین و مەزهەبیان هەیە، بۆ ماوەی چەند سەدەیەک ئۆکرانیا بەشێک بووە لە ڕووسیا، و دواتر بووە بەشێک لە یەکێتی سۆڤیەت، لە ناو یەکێتی سۆڤیەتیشدا دووەم گەورەترین و بەهێزترین کۆمارەکانی بوو لە دوای ڕووسیا،هەربۆیە ڕووسیا بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێت (الربيعي، ٢٠١٦، ص١٥٤). ئۆکرانیا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا قوڵایی ستراتیژی هەیە، چونکە ڕووسیا لە ڕێی ئۆکرانیاوە دەتوانێت هەژموونی ئابووری و سەربازی و سیاسی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و قۆقاز و دەریای ڕەش فراوان بکات، بۆیە هەمیشە ڕێگری لەوە دەکات هەریەک لەو وڵاتانە بچنە ناو یەکێتی ئەوروپا یان ناتۆ(Kingsley, 2022). هەرچەندە شۆڕشی پرتەقاڵی[1] بەهۆی ئەو ستەمە کۆمەڵایەتی و گەندەڵییە هاتەئاراوە کە ڕووسیا ئۆکرانیای ناچار بە پاشکۆبوون و ملکەچبوونی خۆی کردبوو، کەچی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە لە ساڵی ٢٠٠٤، ڕووسیا زۆر بەتوندی دژی وەستایەوە و بە هەوڵ و پلانگێڕی ڕۆژاوا دژی خۆی لەقەڵەمدا (أبوزيد، ٢٠١٤، ص٣). دواتر خۆپیشاندان و بارگرژییەکانی نێوان پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بە هاندانی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپا لە گۆڕەپانی گشتی لە کێێف بەردەوام بوو و بەشێکی

(٣) ئەم شۆڕشە بە شۆڕشی گەل ناسراوە لە 22 تشرین دووەمی 2004 لە ئۆکرانیا ڕوویدا، داواکاری خەڵکەکە بریتی بوو لە ڕاگرتن و سنووردانان بۆ دەستتێوەردانی ڕووسیا لە کاروباری ئۆکرانیا، و نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و سیاسی و دامەزراندنی دامودەزگای دیموکراتی توانا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی ئۆکرانیا (الجزيرة، ٢٠١٥)

زۆری ئۆکرانیەکان داوای دەست لەکارکیشانەوەی حکومەت و دووباره هەڵبژاردنێکی نوێیان دەکرد، بەمەش بارودۆخەکە تەواو بەرەو گرژی ڕۆیشت(الحمداني، ٢٠١٨، ص٣٤٦).لە بەرەبەیانی پێنجشەممەی ڕۆژی ٢٤/ ٢/ ٢٠٢٢ مۆسکۆ دەستی بە پرۆسەی سەربازی دژی ئۆکرانیا کردوو و بە هێزی زەمینی هێرشی کردە سەر خاکی ئۆکرانیا، و پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە لایەک و ڕووسیا و ڕۆژاوای بەرەو قۆناغێکی خراپتر برد (أمين و آخرون، ٢٠٢٢، ص٥). ئەم شەڕە بارودۆخێکی نوێی هێناکایەوە کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەرەو قۆناغێکی نادیار برد.

**دووەم: هەڵوێست و دیبلۆماسییەتی چین بەرانبەر شەڕی ڕووسیا-ئۆکرانیا**

دەکرێت بڵێین تێگەیشتن لە سیاسەتی چین سەبارەت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ناڕوون و زەحمەتە، چونکە چین هەڵوێستێکی جێگیری نییە، لە لایەکەوە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ڕووسیا و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، لەلاکەی ترەوە بەرژەوەندی هەیە لەگەڵ ڕۆژاوا و سوودیان لێ دەبینێت(Kusa, 2022). چین لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سیاسەت و ستراتیژییەتی سان تزو( Sun Tzu) (1) لەگەڵ لایەنە شەڕکەرەکان پەیڕەو دەکات کە دەڵێت: بردنەوە بە بێ هەڵگیرساندنی شەڕ، کۆتا هونەری شەڕە)، واتا بردنەوە بە بێ هەڵگیرساندنی شەڕ باشترین هونەری شەڕە. لەسەر ئەم بنەمایە چین هەوڵدەدات لە لایەکەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕووسیا بپارێزێت و لە لاکەی ترەوە دەیەوێت بەرژەوەندی بازرگانی لەگەڵ ئۆکرانیا و ڕۆژاوا پەرەپێبدات، هەروەها ناشیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا زیاتر بەرەو خراپی بچێت و توشی سزا و گەمارۆی زیاتر بێت بەهۆی ئەم شەڕە(دندن، ٢٠٢٣).

پەیوەندییەکانی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەهۆی کێبرکێی زیادکردنی نفوز لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ناکۆکییەکانیان لەسەر سنووری نێوان هەردوو وڵات، لە قەیران دابوو، ئەو ناکۆکی و قەیرانانە لەگەڵ چین دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت بە میرات بۆ ڕووسیا مایەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٧ز، پەیوەندییەکانیان بەرەو باشی ڕۆیشت، ئەویش بەهۆی پێویستی چین بەو وزەیەی کە ڕووسیا بۆ پرۆژە ئابوورییە گەورەکانی چین دابینی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠١ز هەردوولا پەیمانی دراوسێی باش ببەستن و پەیوەندییەکانیان بەرەو باشی گەشەی سەند و بەردەوام بوو، تا لە ساڵی ٢٠١٤ز دوای فشارەکانی ڕۆژاوا و ئەمریکا بەهۆی داگیرکردنی نیمچە دورگەی قرم لە لایەن ڕووسیاوە، پەیوەندییەکانی چین و ڕووسیا زۆر بەرەو پێشەوە چوو کە پێدەچێت تا دوای ئەم شەڕە درێژە بکێشێت(زرواطي، ٢٠٢٣). هەروەها بەپێی ئەوەی چین و ڕووسیا دوو وڵاتی هاوسێن، بۆیە ئاڵوگۆڕ و هاریکاری نێوانیان لەزۆر بواری وەکو ڕۆشنبیری، ئابووری، بازرگانی و نەوت هەیە ، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢ کۆی قەبارەی بازرگانی نێوانیان گەیشتە ١٩٠ ملیار

---

(٤) سان تزو یەکێکە لە بیرمەند و شارەزا و سەرکردە سەربازییەکانی چین لە شاری زەجیانی چینی لە ساڵی 551 پ.ز لە دایک بووە و لە ساڵی 496 پ.ز کۆچی دوایی کردووە. باوک و باپیری سەرکردەی سەربازی سوپای چین بوون. ئەو سەردەمەی کە سان تزو لێی ژیاوە چین پەرتەوازە بوو بەسەر ١٣٠ میرنشینی دژ بەیەکتر کە بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە شەڕ دابوون، بەڵام سان تزو بەهۆی زیرەکی و بەتوانایی خۆی توانی هەموو میرنشینەکان یەکبخات، یەک لە بەرهەمە گرنگەکانی کتێبی هەنەری جەنگە (الميادين نت، ٢٠٢٣)

.

دۆلار کە بەبەراورد بە ساڵێک پێشتر ٣٠٪ زیادی کردووە، ئەمانە بێجگە لەوەی کە هەردوو وڵات لە بواری تەکنەلۆژیا و بازرگانی ئەلیکترۆنی و بوارەکانی تری بازرگانی زۆر بەرەو پێش چوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی ئابووری و گەشەسەندنی بازرگانیدا هەردوو وڵاتی پێویستییان بە گونجانی زیاتر هەیە(زرواطي، ٢٠٢٣). جا بەهۆی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ڕووسیا و ترسی لە پێکدادانی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆژاوا کە چەند پەیوەندییەک بەیەکیان دەبەستێتەوە دیارترینیان پەیوەندیی ئابوورییە، وایکردووە چین زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکات، بۆ نموونە لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا چین تەنها لەڕووی مەعنەوییەوە پشتیوانی لە ڕووسیا کرد ئەویش بە ڕەتکردنەوەی سەرکۆنەکردنی ڕووسیا لە هێرشی بۆ سەر ئۆکرانیا، خۆشی بەدوور گرت لە بەشداری کردن لەو سزایانەی کە خرایە سەر ڕووسیا(دندن، ٢٠٢٣). ئەم هەنگاوانەی چین هەنگاوی ژیرانەن و زۆر بەوردی خوێندنەوەیان بۆ کراوە، چونکە ئەگەرچی چین لایەنێکی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانی نییە بەڵام کاریگەری لێکەوتەی ئەم شەڕەی لەسەرە و کۆمەڵێک دەرفەت و مەترسی بۆ چین تێدایە، بۆیە چین هەموو ئەگەرەکانی ئەم شەڕەی ڕەچاو کردییە، وەکو ئەگەری لەدەست دەرچوون و کۆنترۆڵ نەکردنی شەڕەکە، پێویستی چین لە بەدیارکەوتنی وەک هێزێکی گەورە، نیشاندانی ڕوێکی جوانی لەسەر ئاستی جیهان، دابینکردنی کەشێکی ئارام و پاراستنی ئاشتی جیهان، گرێنتیکردنی زیادبوون و هەڵکشان و پەرەسەندنی زیاتری ئابوورییەکەی(Johnson, 2022). جا لەبەر ئەمانەی کە باسمان کردن هەڵوێستەکانی چین لە بەرامبەر هەردوو وڵاتی لایەنی شەڕەکە(ڕووسیا و ئۆکرانیا) و لایەنەکانی ڕۆژاوا پەیوەستن بە ڕەچاوکردنی پێگەی گەشەسەندووی خۆی لە سیستمی نێودەوڵەتی(دندن، ٢٠٢٣).

### سێیەم: هەڵکشانی چین لەسەر حیسابی ڕووسیادا

ئەگەرچی وڵاتی چین لەگەڵ ڕووسیا پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بەڵام چاوەڕێ دەکات بەهۆی ئەم شەڕەوە لەسەر حیسابی ڕووسیا لەڕووی ئابوورییەوە دەرفەتێکی باشتری لە ئەوروپا بۆ دروست بێت ئەویش بە کەمبوونەوە و نەمانی سەرچاوەکانی ئابووری، دارایی و سەربازی هاوپەیمانەکانی ئۆکرانیا لە ئەوروپا و ئەمریکا لە لایەک و لاواز بوونی ڕێژەیی هێزی ڕووسیا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش دەستپێکردنی شەڕەکە لەلایەکی تر. کەمبوونەوەی سەرچاوە و تواناکانی ڕووسیا لەم شەڕەدا و کاریگەری نەرێنی سزاکانی ڕۆژاوا لەسەر ئابوورییەکەی، لەبەرژەوەندی چینە، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە شکست و دۆڕانی ڕووسیا لەم شەڕەدا لەبەرامبەر ئەمریکا و ڕۆژاوادا لەبەرژەوەندی چین دانییە (فرحات ، ٢٠٢٣).

دەتوانین بڵێین لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا یەک لە خاڵە گرنگەکان کە لەبەرژەوەندی چین دابووە ئەوەبووە کە ئەمریکا گرنگی پێدانی سەربازی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوچەکانی هەردوو زەریای هێمن و هندی گۆڕی بۆ ئەوروپا و ئۆکرانیا. لەگەڵ هێرشەکەی بۆ سەر ئۆکرانیا، ڕووسیا تاڕادەیەک پشتی بە چین بەستووە، دواتر ئەم پشت پێ بەستانەی زیاتر کرد، ئەگەر چی چین هەڵوێستی بێ لایەنانەیە لەم شەڕە بەڵام ئەمریکا تۆمەتباری دەکات بەوەی چین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستتێوەردانی لەم شەڕەکردووە و لایەنگری ڕووسیای کردووە. ولیام بیرنزی بەڕێوەبەری

ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA ) لە مانگی تەموزی ساڵی ۲۰۲۳ گوتی: بەرژەوەندی چین وا دەخوازێت کە ڕووسیا و ڕۆژاوا ناکۆک بن، نەوەک بەیەکەوە لە دژی چین هاوپەیمانێتی دروست بکەن هەروەک لە سەدەی ۱۹ ڕوویدا. سەرەڕای ئەمەش بە درێژبوونەوە و بەردەوامی ململانێ و شەڕەکە، ڕۆژاوا سەرنجی لەسەر ناوچەکانی هەردوو زەریای هێمن و هندی لادەچێت و لەکۆتاییشدا ڕووسیا بەجۆرێک لاواز دەبێت کە لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو هیچ مەترسییەک لەسەر هەژموونی چینی گەشەسەندوو دروست نەکات، ئەمانە لەکاتێکدایە کە چین دەتوانێ بۆشاییە ئابوورییەکانی ناوەوەی ڕووسیا پڕ بکاتەوە(المنشاوي، ۲۰۲۳).

پێش شەڕی ئۆکرانیا ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاست بەگشتی و کۆمارە ئیسلامییەکان بەتایبەت کە پێشتر سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوو کێبڕکێی ئەمریکا و چینی بەیەکەوە دەکرد، چونکە ڕووسیا ئەو ناوچانە بە میراتی جێماوی یەکێتی سۆڤیەت دادەنێت و پێی وایە بە تەواوی ناوچەکانی ژێر نفوزی خۆیەتی، بەهۆی پێشهاتەکانی ئەم شەڕە خەریکبوو لەم ناوچانە سازش بۆ چین بکات، بەڵام دوای ئەم شەڕەی ئۆکرانیا و دروست بوونی فشارێکی زۆر لەسەری، ئێستا مۆسکۆ ناچارە لە ڕووی نفوزەوە سازشێکی زۆر بۆ پەکین بکات، ئەمەش لە پێناو شکست پێهێنانی پیلانەکانی ئەمریکا کە دەیەوێت لە ڕێگای بەستانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێک لەو کۆمارانەی میراتی سۆڤیەت، ڕووسیا و چین گەمارۆ بدات. ئەم گۆڕانە هەم پەکین و هەمیش واشنتۆن دەرکی پێدەکەن کە لە دەرەنجامەکانی شەڕی ئۆکرانیا زیاتر ڕۆڵ و پێگەی نوێی چین بەهێز دەبێت و دەردەکەوێت. ڕووسیاش هەوڵ دەدات لە بەرژەوەندی چین و پڕۆژەکان و دەسکەوتەکانی فشار بخاتە سەر کۆمارەکان، لە ناویشیاندا ڕێگای ئاوریشم کە بەنزیک سنووریان یان بەناو ئەو کۆمارانەدا تێپەڕ دەبێت. سەرەڕای ترسی ڕووسیا لە نفوزی چین لە ئاسیای ناوەڕاست، چین هێشتا هەوڵدەدات نفوزی خۆی زیاتر بکات و ئەو ناوچانەی کە بە خاکی خۆی دەزانێت بیانگێڕێتەوە، وەکو تایوان. بەهەمان شێوە چین لەسەر هەندێ ناوچە وەکو دورگەکانی سبراتلی، پاراسیل، زیشا و ناتۆلا کێشەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەکو مالیزیا، فیلیپین، ڤێتنام و برۆنای، هەیە، لەگەڵ یابانیش لەسەر دورگەکانی سینکاکۆ و ڕیوکۆ و لەگەڵ هندستانیش لەسەر ویلایەتی ئارۆشناڵ براديش و کێشەی سنوور لە چیاکانی هیمالایا. هندستانیش لەو فراوانخوازییەی چین لەسەر سنووە لە چیاکانی هیمالایا دەترسێت بە تایبەت کە لە ساڵی ۲۰۱۸ ەوە زیاتر لە چەند جارێک کێشە و ئاشوب دروست بووە و بۆتە هۆی قەیران لە هەندێ پەیوەندی و نەمانی متمانە بەیەکتر لە نێوان هەردوو وڵات(زرواطي، ۲۰۲۳). ئەگەر ڕووسیا لە مەیدان خوازیدا لەسەر ئەمریکا و ڕۆژاوا  مەترسیشی هەبێت ، ئەوا مەترسییەکەی لەسەر ئاستێکی کورت مەودایە، هەرچی چینە، مەترسییەکەی لەسەر ئاستێکی درێژ مەودایە. هەڕەشەکانی چین یەکلاکەرەوەن، چونکە چین دەیەوێت سنووری هێزی ئەمریکا بەرتەسک بکاتەوە. جا کە ئەمریکا لە ئێستادا نەتوانێ ڕووبەڕووی ڕووسیا و چین بەیەکەوە بێتەوە، ئەوە واقعی جیۆسیاسی ئەوەی بەسەردا سەپاندووە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە هەردوو وڵات بەیەکەوە کاردەکەن بۆ دووبارە داڕشتنەوەی بنەماکانی سیستمی نێودەوڵەتی(عبدالشافي، ۲۰۲۲).

میرشایمەر(John Mearsheimer) پێی وایە ئەگەرچی لە ئێستادا ڕووسیای زلهێز مەیلی بەلای چین دایە، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە بە تێپەڕینی کات لەگەڵ ئەمریکا لە دژی چین ببێتە هاوپەیمان،

چونكە هێزی چین كە بەردەوام ڕوو لە هەڵكشانە، گەورەترین هەڕەشەیە بۆ ڕووسیا، بە تایبەت كە هەردوو وڵات لەڕووی جوگرافیاوە لێكتر نزیكن، جا ئەگەر ترسی ڕووسیا و ئەمریكا لە چین ببێتە هۆی لێكنزیكبوونەوەیان لە یەكتر، ئەوا ڕووسیا دەكەوێتە ئەو بەرە و سیستمەی كە ئەمریكا سەركردایەتی دەكات، پێچەوانەكەشی هەر ڕاستە، واتا ئەگەر ترسی ڕووسیا لە ئەمریكا زیاتر بێت لەو ترسەی كە لەچین هەیەتی، ئەوا ڕووسیا دەكەوێتە ئەو بەرە و سیستمەی كە چین سەركردایەتی دەكات(Mearsheimer, 2019, p 48-49 ).

**باسی دووەم: كاریگەرییە ئابوورییەكان لەسەر بەرەوپێشچوونی چین**

سیاسەت و ستراتیژییەتی چین و هەوڵەكانی لە جێبەجێ كردنیاندا ئەوە دەردەخات كە چین بەرە و دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی و هەڵوەشانەوەی تاك جەمسەرییە بۆ فرە جەمسەری، كە دەكرێت لێرەوە ڕوونتر باسی لێوە بكەین:

**یەكەم:هێزی نەرمی چین و گۆڕانكارییە ئابوورییەكان:**

هەر لە سەدەی حەفتەمی پێش زایینەوە بیرۆكەی هێزی نەرم لە بەڕێوەبردن و سیاسەتی دەرەوەی چینی كۆن و لەناو گوتە و حیكمەتەكانی فەیلەسوفی چینی لاوتسی بوونی هەبووە، كە دەڵێ:هیچ شتێک لە ئاو نەرم و نیانتر نییە، بەڵام هەر ئاوە بەرد كون دەكات(جودت،٢٠١٤، ص١). هەروەها كۆنفشیۆسی فەیلەسوف(٥٥١-٤٧٩)پ.ز. دەڵێ: پێویستە دەسەڵاتدار بە چاكە(فەزیڵەت) سەركەوتن بەدەست بهێنێت، كە لێرەدا مەبەستی لە فەزیڵەت هێزی نەرمە نەک بە زەبر و توند و تیژی(Aghavani, 2018, pp181). سەرەتای دەركەوتنی چەمكی هێزی نەرم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٠ كە زانای ئەمریكی جۆزێف نای وتارێكی لە گۆڤاری سیاسەتی دەرەوە بڵاوكردەوە تیایدا چەمكی هێزی نەرمی بەكارهێنا(معوض، ٢٠١٩، ص ١٢).

جۆزیف نای بەم شێوەیە پێناسەی هێزی نەرمی كردووە كە بریتییە لە توانای كاریگەری لەسەر ئەوانی تر و بەدەستهینانی ئەنجامی باش ل ڕێگای ڕاكێشان و ڕازیكردن نەک ناچاركردن و فشارخستنەسەر(Nye, 2017, P2). یاخود هێزی نەرم ئەوەیە كە توانای ڕاكێشانی هەبێت بێ ئەوەی پەنا بباتە بەر ناچاركردن و هەڕەشەی سەربازی و كڕین و بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەوانیتر لەڕێگای پارە و بەرتیل هەروەک لە ستراتیژیەتە كۆنەكان بۆ هێز باو بوو، مەبەستی هێزی ڕەقە(ناي، ٢٠٠٧، ص٢٠).

كۆڵن گرای بەم شێوەیە پێناسەی هێزی نەرم دەكات و دەڵێت: هێزی نەرم ئەوەیە كە بێ ئەوەی سوپا و ئابووری بەكار بهێنیت لە ڕیگای ترەوە توانای ئەوەت هەبێت كاریگەری لەوانی تر بكەیت(Gray, 2011, p41).

هێزی نەرم چەند پایە یان كۆڵەگەیەكی هەیە، جا بەپێی تێڕوانینی واگنەر گرنگترین پایەكانی هێزی نەرم بریتین لە ئابوری، فێركردن، شارستانێتی، یارمەتیدانی دەرەكی، ناوبانگ، دبلۆماسییەت و سەركردایەتی حكومەت كە تا چەند دەستپاک و ڕوونە لە كارەكانی(Wagner, 2014, P3). چین چەمک و بیرۆكەی هێزی نەرمی بەپێی ویست و مێژوو و گرنگی و پاشینەی كۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری خۆی گونجاندووە(Shresth, 2019, p24). كەواتە سەرەڕای هەبوونی بیرۆكەی هێزی نەرمی لە كلتور و سیاسەتی چینی كۆندا، بەڵام جێبەجێ كردن و گرتنەبەری وەک ستراتیژ، دیاردەیەكی

تاڕادەیەک نوێیە کە دەستەبژێری سیاسی و فکری چینی بڕیاریان لەسەردا تاوەکو بەهۆیەوە ڕووبەڕووی هەژموونی ڕۆژئاوایی ببنەوە و پێگەی خۆیان بەرەو هێزێکی جیهانی بەرز بکەنەوە(Kokkinos, 2012, p43)، واتا چین بیرۆکەی جۆزیف نای سەبارەت بە هێزی نەرم بەپێی ویستی خۆی لە کلتور و بەهای سیاسەتی دەرەوەی خۆی داڕشتەوە.
ئەو ئامرازانەی چین لە جێ بەجێ کردنی هێزی نەرم پیادەی دەکات بریتین لە هاریکاری وڵاتان و بازرگانی و وەبەرهێنان و کلتور و بەهای سیاسی. ئامانجیشی لە گرتنەبەری هێزی نەرم بریتییە لە خستنەڕووی نیەتی باش و ویستی ئاشتی لەبەرانبەر جیهان و پیشاندانی وێنەیەکی جوانی چین لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی کە بەهۆی سیستمە تاک حزبییەکەیەوە گومان لەسەر ڕەوایی بوونی سیستمی دەسەڵاتی دەخەنەڕوو(wetzstein, 2020, p27).
چین زۆر خێرا لەڕووی ئابوورییەوە ڕوو لەهەڵکشانە، بۆ نموونە: بەرهەمی ناوخۆی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٠ز لە ١٪ بەرزبوویەوە بۆ ١٨٪ لە ساڵی ٢٠٢٢ز، جا ئەگەر بەراورد بکرێت بەبەرهەمی ئەمریکا لە هامان ماوەدا دەبینین جیاوازییەکی کەمیان هەیە ئەوەی ئەمریکا لە ٢٦٪ کەم بوویەوە بۆ ٢٥٪. لەڕووی خەرجیشەوە، هێزە سەربازییەکانی چین بونەتە دووەم گەورەترین وڵات لەڕووی خەرجییەوە لە دوای ئەمریکاو خاوەنی گەورەترین سوپایە لەدوای ئەمریکا لە ڕووی ژمارەوە، و خاوەنی ١٠٠٠ موشەکی ئەتۆمی کیشوەر بڕ و ٣ کەشتی فڕۆکە هەڵگر و زۆرترین ژمارەی کەشتی دەریاییە و گەورەترین یەدەگی (عملة الصعبة)ەیە کە ٣ ترلیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە(صبري، ٢٠٢٣).

**دووەم: هەوڵی چین بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی ڕێگای ئاوریشم(ڕێگای ئاوریشمی نوێ):**

ڕێگای ئاوریشم و پرۆژەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا BRI:

ڕێگای ئاوریشمی کۆن مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 200 ساڵ پێش زایین، بە گرنگترین ڕێگای ئابووری و بازرگانی نێوان شارستانێتییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دادەنرێت و کۆمەڵێك ڕێڕەوی وشکانی و دەریایی تێدایە کە چین لەگەڵ وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا بەیەک دەگەیەنن(وي، 2018، ص 22).. پێشتر ڕێگای ئاوریشم سەرەڕای ئەوەی ڕێگای ئاڵوگۆڕی کاڵا و بازرگانی بوو، هۆکارێکیش بوو بۆ لێک نزیککردنەوە و پێککاریگەربوونی شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا و ئەوروپا بوو و ڕۆڵێکی گرنگیشی هەبوو لە پێشخستنی شارستانییەتییەکان. چین لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردووی وەك ستراتیژی ئابووری و بازرگانی و سیاسی هەوڵی دووبارە بونیادنانەوەی ڕێگای ئاوریشمی نوێی دا ، بەڵام لە ئەیلولی ساڵی 2013 سەرۆکی چین (شی جین پینگ) لەکاتی سەردانیەکی بۆ وڵاتی کازاخستان بەشێوەیەکی فەرمی ستراتیژی پرۆژەکەی ئاشکرا کرد لە وتارێك لەژێر ناونیشانی پشتێنەی ئابووری بۆ ڕێگای ئاوریشم، دواتر ناوی گۆڕا بۆ یەك پشتێن و یەك ڕێگا، دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا زیاتر لە 65 وڵات لە هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا لەخۆدەگرێت (فرانك و براونستون، 1986، ص 7).ئەم دەستپێشخەرییە (پرۆژەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا BRI )ڕەزامەندی هەرێمی بە دەستهێناوە بەهۆی سیستەمە نوێیە سیاسی و ئابوورییەکەی، دەکرێت بڵێین ساموێل هنتینگتۆن پێشبینی ئەم هەڵکشانەی چینی کردووە، چونکە بەر لە بیست ساڵ پێش ئێستا گوتی: لە کۆتایی چین وەك هێزێکی هەژموندار لە جیهان بەرز دەبێتەوە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار دەکات قبوڵی بکات کە بە درێژایی مێژوو

ڕێگای لێ دەگرت). پڕۆژەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا سەرەتای دەستپێکی ستراتیژی ناڕاستەوخۆی چینە بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمی (Rolland, 2017,P.178) .

چین سیاسەتی هێزی نەرم بەکاردەهێنێت ئەویش کارکردنە لەسەر فراوانکردنی نفوزی خۆی و زیادکردنی وەبەرهێنانەکانی لە زۆروڵاتاندا بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە سەر ڕێگای ئاوریشم، کە سەرۆکی چینی شی جینگ پین دەیەوێ زیندووی بکاتەوە کە بەناوی دەست پێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگا خستییەڕوو(زرواطي، ٢٠٢٣). لە ڕێگەی ئەم دەستپێشخەرییەوە چین بەهۆی ڕێڕەوە دەرياییەکان لە بەندەرە گەروەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ئامادەبوونێکی بەهێز و هەژموونداری دەبێت و کێبڕکێی دەسەڵاتی ئەمریکا دەکات، هەروەها لە ڕێگەی دامەزراندنی بانکی ئاسیا بۆ وەبەرهێنانی ژێرخانی توانیویەتی ڕۆڵی سندوقی بانکی نێودەوڵەتی کەم بکاتەوە(كلاع، 2021، ص544). ڕێگای ئاوریشمی نوێی چین تەنها ڕێگایەک نییە، بەڵکو چەند جۆرێکە وەکو: ڕێگای ئاوریشمی وشکانی، ڕێگای ئاوریشمی ئاوی، ڕێگای ئاوریشمی ژمارەیی- دیجیتاڵی، ئاوریشمی ئاسمانی، ڕێگای ئاوریشمی تەندروستی. ئەم پڕۆژەیە دەبێتە بناغەی بونیادێکی نوێی جیهانی کە چین دیزاینی کردووە و تێیدا ڕۆڵی نوێی دەبێت وەك هێزێکی جیهانی پێشەنگ لە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان، چونکە گەورەترین تۆڕی بازرگانییە کە وڵاتانی جیهان بە چین دەبەستێتەوە(الامم المتحدة-المجلس الاقتصادي و الاجتماعي، 2019). یەک لە ئامانجە گرنگەکەنی ڕێگای ئاوریشم بەدەستهێنانی نەوتی خاوە، چونکە چین دووەم هاوردەکاری نەوتی خاوە لەسەر ئاستی جیهان لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (اسماعیل، 2022).

**سێیەم: ڕووبەڕوو بوونەوەی ئابووریانەی چین لەگەڵ ڕۆژاوا و پێشەنگ بوونی چین بەهۆی شۆڕشی دیجیتاڵی**

چین لە بواری ئەلیکترۆنییدا شۆڕشێکی دیجیتاڵی هێناکایەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەمریکا چین بە گەورەترین کۆسپ بزانێت لەداهاتوودا، بۆیە بەهەموو توانای خۆی دەیەوێت چین ڕاگرێت. چین جگە لە داهێنانی خێراترین و زیرەکترین کۆمپیوتەرەکانی جیهان و بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی ڕۆبۆت، خاوەنی تەکنۆلۆژیای " پشتێنەی ئاگرە" کە ڕێگری لە هاتنەناوەوەی هەر ئامرازێکی پەیوەندی ڕۆژاوایی دەکات بەبێ مۆڵەتی پێشوەختە، بۆ نمونە: ئەگەر ڕووسیا بە چین بەراورد بکەین دەبینین ڕووسیا هێزێکی سەربازی گەورە و سەرچاوەی سروشتی زۆر باشتری هەیە لە چین، بەڵام ڕووسیا ئەو ئامرازانەی نییە کە دەکرێت بەهۆیەوە ڕووسیا ببێتە جەمسەر، بەڵکو پشت بە سیستمەکانی پەکین و واشنتۆن دەبەستێ لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە ئابووری و پیشەسازییەکانیدا، هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر سزاکانی ئەمریکا. چین دەیەوێت تەکنەلۆژیای داتاکان بکاتە گەنجینەی نیشتیمانی، هەروەها پارێزگاری لەو ناوچە ئابووری و بەندەرانەی دەکات کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای پشتێن و ڕێگای ئاوریشم. ئەمانەش وایکرد ئەمریکا وڵاتی چین لە هاوپەیمانێکی ئابوورییەوە لێ ببێتە نەیارێکی کێبڕکێکار(صبري، ٢٠٢٣).

**بەشی دووەم: سیاسەتی چین بەرانبەر هاوپەیمانێتی ناتۆ و سیستمی جیهانی و فرە جەمسەری**

**باسی یەکەم: سیاسەتی چین لە بەرانبەر هاوپەیمانێتی ناتۆ و هەژموونی ئەمریکی**

**یەکەم: هەڵوێستی چین لەبەرانبەر ناتۆ**

چین و ڕووسیا هەمان هەڵوێستی نەرێنییان هەیە سەبارەت بە ناتۆ و سیاسەتەکانی و هەمان ڕوانینیشیان بەرامبەر بە پەیکەری هێز لە سیستمی نێودەوڵەتی هەیە، هەردوولاش دەیانەوێت سنوورێک بۆ هەژموونی ئەمریکا دابنێن(Kusa, 2022)، و سیستمێکی نوێی جیهانی فرە جەمسەر دروست بێت کە کۆمەڵەی بریکس و ڕێکخراوی شەنگەهای بۆ هاریکاری ڕۆڵێکی گەورە تێدا بگێڕن(زرواطي، ٢٠٢٣). چین دوو ئەگەری لەپێشە: یان هەوڵدەدات سەبارەت بە حوکمڕانی جیهان وڵاتان بە دەوری خۆی کۆبکاتەوە ، یانیش بەو ئاڕاستەیە دەڕوات کە سیستمێکی نوێی جیهانی بێنێتە کایەوە(الجزیرة، ٢٠٢٣). هاوپەیمانێتییەکانی چین ئابووری و سیاسیین نەک سەربازی، ئەویش بۆ دەستکەوتنی ناوەندی هێزە لە جیهاندا تاوەکو بەهۆیەوە وەبەرهێنان و بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، بەپێچەوانەی هاوپەیمانێتیی ئەمریکییەکان کە زیاتر سەربازیین. هەروەها ڕۆڵی نێوەندگیری چین لە قەیرانی ئۆکرانیا لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا و نێوەنگیری لە نێوان ئێران و سعودیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چوونە ناو تەوەرە و کێشە ئاڵۆزەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە چین خۆی وەکو هێزێکی هاوتەریبی ئەمریکا دەبینێت و دەردەخات(زرواطي، ٢٠٢٣).

بلۆکی بریکسیش پێکدێت لە بەڕازیل، ڕووسیا، هیندستان و ئەفریقای باشوور، جا سەرۆکی چین بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لە دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگای ئاوریشم هەوڵدەدات ئەو بلۆکە بگۆڕێت بۆ هاوپەیمانێتییەکی سیاسی تاوەکو سیستمێکی نوێی جیهانی لەسەر بنەمای فرەجەمسەری بهێنێتە ئاراوە، هەربۆیە سەرۆکی چین هەوڵدەدات کە چەند وڵاتێکی تری عەرەبی و ئەفریقیش بێنە ڕێز برێکس تاوەکو کورسییەکی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایش وەربگرن(صبري، ٢٠٢٣).

**دووەم: هەوڵەکانی چین بۆ بە جەمسەر بوون و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تاک جەمسەری و دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی**

چین خاوەن کۆمەڵێك خاڵی بەهێزە هەر ئەمەشە وای لێ کردووە کە بەرەو زلهێزبوون هەنگاو بنێت، بۆ نموونە: لە ئێستادا چین خاوەن ئابوورییەکی بەهێزە کە دووەمە لە سەر ئاستی جیهان و لە ڕووی هێزەوەش سوپایەکی بەهێزی هەیە کە لەسەر ئاستی جیهان بە سییەم دادەنرێت، سەرەڕای ئەمانە بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان کە 19%ی دانیشتوانی جیهانی پێکدێنێت و لەڕووی خاکیشدا ڕووبەرێکی گەورە هەیە کە بە چوارەم وڵات دادەنرێت و جگە لە چەند خاڵێکی بەهێزی تر کە ئەو ڕێگایەی لەبەردەم خۆش دەکات(عبدالله، ٢٠١٩، ل١٩٧). لە ئێستادا پێگەی چین لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لە هەڵکشاندایە، لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ەوە تا ئێستا کە ساڵی ٢٠٢٤ە، چین لەپاڵ دەستپێشخەری پشتێنەی ڕێگا، سێ دەستپێشخەری تری یەک بەدوای یەک لەسەر ئاستی جیهانی سەبارەت گەشەپێدان و ئاسایش و شارستانییەت خستۆتەڕوو، ئەم بنەمایە لە ئێستادا بۆتە چوار کۆڵەگە لە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی چین بەناوی (کۆمەڵگا لە پێناو داهاتوویەکی هاوبەش) کە پەکین پیاهەڵدانی بۆ دەکرد و ستایشی دەکرد، بەو پێیەی کە پلانی هێنانەدی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و هێزی پاڵنەرە بۆ گەشەپێدانی جیهانی. لە ڕاپۆرتێکیشدا کە گۆڤاری ***The Diplomat*** ئەمریکی بڵاوی کردۆتەوە، تێیدا نووسەر نیکۆلاس بیکیلین نووسیویەتی: وەزیری دەرەوەی ئەمریکی ئەنتۆنی بلینکن هۆشداری ئەوەی داوە کە چین تاکە وڵاتە کە نیاز و هێزی دووبارە دامەزراندنەوەی سیستمی نێودەوڵەتی هەیە، هەروەها دەڵێت: لە ئێستا چین بۆتە

زلهێزێکی جیهانی، دەیەوێت حەز و بەهاکانی بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت لە سیستمی جیهانیدا ڕەنگ بداتەوە بەو شێوەیەی کە ئەمریکا دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر ڕێکخراو و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان جێ دەستی دیاربوو. چین دووەم گەورەترین بەشداربووی بودجەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و سندوقی بیمە بۆ ئاشتی و گەشەپێدانی جیاوازی خۆی بە بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بەڕێوە دەبات، هەروەها وەبەرهێنانی بە بڕێکی زۆر سەرمایە و دبلۆماسییەتەکەی لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو کردووە و بە کردەیی سەلماندوویەتی کە وڵاتێکە زۆر گەشەی سەندووە. سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپی ئۆرسۆلا دێرلاینیش جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئامانجی پەکین هێنانەدی گۆڕانکاری سیستماتیکە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا کە چین سەرۆکایەتی دەکات"، هەروەها لویس لویز لۆلا دا سیلڤای سەرۆکی بەڕازیل بەڵێنی داوە کە "هەر بەتەنها چین و بەڕازیل بەیەکەوە دەتوانن حوکمرانی جیهان بگۆڕن (الجزيرة،٢٠٢٣).

چین هەوڵی گۆڕینی سیستەمی نێودەوڵەتی دەدات لە تاك جەمسەرییەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژموونی خۆی تێدا سەپاندووە بۆ سیستەمێکی فرەجەمسەری، لەم سیستمە نوێیە فرەجەمسەرییەدا کە چین هەوڵی بۆ دەدات چین هەوڵدەدات سیستەمێکی سیاسی و ئابووری وا دابمەزرێنێت کە خزمەتی ویست و ئامانجەکانی بکات(الخطيب، 2019، ص115).

ستراتیژییەی چین بۆ گۆڕینی سیستەمی نێودەوڵەتی لە تاك جەمسەرییەوە بۆ فرەجەمسەری بریتین لە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، بە جیهانی کردنی دراوی یوان و دامەزراندنی بانکی ئاسیایە بۆ وەبەرهێنان. چین بەهۆی پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ پێگەی خۆی لە ناوچەی ئۆراسیا [(1)] بەهێزدەکات ، چونکە بەپێی تیۆری سپایکمان ئەو ناوچەیە دڵی جیهانە، بۆیە چین پڕۆژەکانی خستۆتە ئەم ناوچانە ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی چین لە لەسیستەمی نێودەوڵەتیدا(حرزلي، 2019، ص73). هەروەها هەوڵدەدات دراوی یوان بکاتە دراوێکی سەرەکی لە ئاڵوگۆڕە ئابوورییە جیهانییەکان، هاوشانی دۆلاری ئەمریکی، یۆرۆ، یەنی یابانی و جونەیهی ئیستەرلینی، واتا هەوڵدەدات یوانی چینی لەسەر ئاستی جیهان بەهێزبکات و بیکاتە دراوێکی جیهانی (الصين اليوم، البنك الاسيوي للاستثمار في البنية التحتية محرك جديد لتنمية اسيا و العالم). هەروەها هەوڵدەدات ئەو وڵاتانەی کە لە ئەمریکا ناڕازی و تووڕەن لە ئەمریکایان دووربخاتەوە و بۆ لای خۆی ڕایانکێشێت و لەجیاتی دۆلار بە یوانی چینی و دراوە ناوەخۆییەکان مامەڵە بکەن، هەروەها هەوڵیدا ولاتانی دەوڵەمەندی کەنداو و وڵاتانی ئیسلامی بۆ خۆی ڕابکێشێت تاوەکو

(٥) ئۆڕاسیا وشەیەکی داڕێژراوە لە هەردوو وشەی(ئاسیا و ئەوروپا) پێکهاتووە، کە ئاماژەیە بە دوو دەستە لە وڵاتانی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و لەڕووی سنووری جوگرافییەوە بەیەکترەوە بەستراون. لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنەوە ئۆڕاسیا دەکەویتە باکوری گۆی زەوی، ڕووبەرەکەی بە نزیکەیی ٥٤ ملیۆن کم دووجایە و ٩٢ وڵات لەخۆ دەگرێت و بە نزیکەیی 4.6 ملیار کەسە. ئۆڕاسیا دابەش دەبێتە سەر ئۆڕاسیای ڕۆژهەڵات و ئۆڕاسیای ڕۆژاوا. ئۆڕاسیای ڕۆژاوا ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێک لە باکوری ئەفریقیا دەگرێتەوە، هەرچی ئۆڕاسیای ڕۆژهەڵاتیشە کیشوەری ئاسیا جگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. گەورەترین شارەکانی ئۆڕاسیاش بریتین لە: ئەستەنبۆل، تۆکیۆ، مۆسکۆ، سیئۆڵ. بۆمبای...هتد. (وكالة انباء البحرين، ٢٠١٩).

لەڕووی داراییەوە یارمەتی بدەن بۆ تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەی کە کەوتوونەتە سەر ڕێڕەوی (پشتێنە و ڕێگا)، چونکە لەم دواییانە ڕووبەڕووی کێشەی دارایی ببۆوە(صبري، ٢٠٢٣).
یەکێکی تر لە هەنگاو یان ستراتیژە گرنگەکانی چین دامەزراندنی بانکی ئاسیایە بۆ وەبەرهێنان، ئەمەش دوای ئەوەی (شی جین پینگ) سەرۆکی چین لەساڵی ٢٠١٣دا دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگای خستەڕوو، داوای دامەزراندنی بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیای کرد بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی دارایی و بنیاتنانی ژێرخانی وڵاتانی بەشداربووی ڕێگای ئاوریشم و ئەوانی تر(الصين اليوم، البنك الاسيوي للاستثمار في البنية التحتية محرك جديد لتنمية اسيا و العالم). بۆ دامەزراندنی بانکی ئاسیا بۆ وەبەرهێنانیش، سەرۆکی چین شی جین پینگ سوودی لەو پارە نەختینە کەڵەکەبووە وەرگرت کە بۆ ماوەی ٣ دەیە کۆ ببووەوە کە بڕەکەی ١٠٠ ملیار دۆلار بووە، بەو مەبەستەی تاوەکو دەگاتە ساڵی ٢٠٤٩ کە دەکاتە یادی ١٠٠ ساڵەی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن حزبی شیوعییەوە بازاڕێکی گەورە بونیادبنێت(صبري، ٢٠٢٣).
حکومەتی چین هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتی دوولایەنە و فرەلایەنەیدا و جەختی کردەوە کە لە گرووپی ٢٠ ئامادەیی هەبێت و هەوڵی خۆ نزیککردنەوەیدا لە گرووپی ٧ و وەبەرهێنانی لە پڕۆژەکانی "ژێرخانی نەرم" کرد و گۆڕین و جێگرتنەوەی بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی بە بانکی ئاسیایی بۆ وەبەرهێنانی ژێرخانی چین، چونکە لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا و ڕۆژاوان و تاوەکو یەکگرتنی گشتگیری ئەو وڵاتانە بێنێتەکایەوە کە هاوپەیمانی خۆیەتی. هەندێ وڵاتی تریش پڕەنسیپی دوو جەمسەری یان فرە جەمسەریان قبوڵە، بە هەمان شێوەی سەردەمی جەنگی سارد تا لە فشاری لایەنێک دەربازیان بێت، پەنا دەبەن بۆ لایەنێکی تر، کەواتە لە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی تاک جەمسەری چین بە تەنها نییە.

**باسی دووەم: شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ستراتیژییەتییەکەی چین**

**یەکەم: سوود وەرگرتن لە ململانێ و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و تاقیکردنەوەی پەرچەکرداری نێودەوڵەتی**

لە قەیرانی ئۆکرانیای ساڵی ٢٠٢٢ ڕووسیا ڕووبەڕووی ئەمریکا و ڕۆژاوا وەستایەوە و بەرپەرچی ستراتیژیەتی ناتۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای دایەوە و پیگەی و هەژموونی خۆی بە زەبری هێز سەپاند هەموو ئەمانەش لە کاتێکدابوو کە ئەمریکا لە پێناو دووبارە داڕشتنەوەی ستراتیژیەتی خۆی لە زۆر ناوچەدا هیزی سەربازی خۆی پاشەکشە پێکردبوو، لەبەرانبەریشدا چین لە هەڵکشان و فراوانبوون دابوو و بناغەی دامەزراندنی سیستمێکی نوێی جیهانی دادەنا. چین شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ تاقیکردنەوەی ستراتیژییەتی خۆی لەبەرانبەر ڕۆژاوا، بە تایبەت ئەمریکا، واتا چین چاودێری پەرچەکرداری ڕۆژاوا دەکات لەبەرانبەر جوڵە سەربازییەکانی ڕووسیا و چۆن و کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە تاقیکردنەوەی هەستیاری ڕۆژاوا لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو کێشە و ململانێیانەی کە لە داهاتوو ڕووبەڕوویان دەبیتەوە، لەوانەش کێشەی تایوان(العقرباوي، ٢٠٢٢). هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ڕێسای یارییەکەی گۆڕی و بە زەبری هێز لە شەڕێکی خوێناویدا گۆڕانکاری لە جوگرافیای ناوچەکە کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چینیش تەحەدای ڕۆژاوا بکات وەک پەرچەکردارێک لەبەرانبەر ئەو پشتگیری کردنانەی کە

بۆ هەردوو سیستمی دیموکراتی  وڵاتانی تایوان و هۆنگ کۆنگ دەیکات کە وەک تەحەدایەکە بەرامبەر چین و ستراتیژییەتێکە بە مەبەستی گەمارۆدانی چین بەکاری دێنێت. هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و تەحەدای چین بەرامبەر ڕۆژاوا بەهۆی پشتیوانیکردن لە تایوان و هۆنگ کۆنگ، بە هەنگاوێکی کاریگەری ڕووسیا و چین دادەنرێت لە بەرانبەر ئەمریکا و ڕۆژاوا کە دەبێتە هۆی خێراکردنی ڕوودانی گۆڕانکارییەکی گەورە بەرەو پێکهێنانی سیستمێکی فرەجەمسەری جیهانی کە چیتر ئەمریکا و ڕۆژاوا تیایدا بە تانیا خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوە نەبن(الشايجى، ٢٠٢٢).

شەڕی نێوان هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکراینا گرفتێکی گەورەی بۆ سەر دروستکەرانی بڕیاڕی ستراتیژی ئاسایشی ئەمریکی دروستکرد کە پلانیان دادەنا لە دژی ستراتیژیەتی هەڵکشانی چینی. هەفتەیەک پێش هێرشەکەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ڕووسیا و چین واژۆیان کرد لەسەر هاوبەشی ڕێکخستنی ستراتیژی گشتگیر بۆ سەدەی نوێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕۆژاوا یەکلایەنە سزای خستۆتە سەر ڕووسیا، بەڵام چین پشتیوانی لەم سزایانە نەکرد، چونکە چین پێی وایە کە واشنتۆن ئەم سزایانە وەک ڕێگایەک بەکاردێنێت بۆ فراوانکردنی هەژموونی جیۆستراتیژی خۆی(المنشاوي، ٢٠٢٣). لەکاتی سەرکەوتنی ڕووسیا و چینیش  لەبەرامبەر ڕۆژئاوا و گۆڕانی سیستمی جیهانی کۆن و دروست بوونی سیستمێکی نوێی جیهانیدا، چین لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژئاوای زەریای هێمن باڵادەست دەبێت، ڕووسیاش لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات باڵادەست دەبێت (Kagan, 2022).

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا زۆر خاڵی لاوازی سیستمی نێودەوڵەتی خستەڕوو، بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕۆڵی لە سەرپەرشتی کردنی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەی کە لە ئارادا هەیە. ئەم شەڕە دەریخست بوونی مافی ڤیتۆ بەدەست پێنج ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆتە هۆی بەربەستێکی گەورە لەبەردەم هێنانەدی ئاشتی(عبدالشافي، ٢٠٢٢).

**دووەم: خستەڕووی وێنەیەکی جوانی چین وەک هێزێکی هەڵکشاو**

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرفەتێکی  ستراتیژی  باشی بۆ چین هێنا پێش، بەهۆیەوە چین نیشانی وڵاتانی جیهانیدا کە لەڕووی دبلۆماسییەوە سەرکەوتوو بووە و سەلماندی لە چەندین وێستگەی جیاجیادا، لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانیدا، بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە( Kusa, 2022). چین ئەو بارودۆخەی کە لە ئەنجامی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هاتۆتە ئاراوە قۆزتەوە تاوەکو خۆی وەکو زلهێزێک و ئەمریکاش بە لاواز دەربخات و کە هەژموونی لە هەندێ ناوچەی ئەوڕوپا لەدەست دابێت، لەڕاستیدا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرفەتێکی باشی دا بەچین، تاوەکو زیاتر لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕۆڵ ببینێت، هەروەک سەرۆکی چینی شی جین پینگ لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٣ پەیوەندییەکی تەلەفۆلی لەگەڵ سەرۆکی ئۆکرانی زلنسکی ئەنجامدا و پێی ڕاگەیاند کە دانوستانی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا زۆر پێویستە، چونکە دانوستان تاکە ڕێگای چارەسەرە(السهلي، ٢٠٢٣). ئەو ئامرازانەی چین لە جێ بەجێ کردنی هێزی نەرم پیادەی دەکات بریتین لە هاریکاری وڵاتان و بازرگانی و وەبەرهێنان و کلتور و بەهای سیاسی. ئامانجیشی لە گرتنەبەری هێزی نەرم بریتییە لە خستنەڕووی نیەتی باش و ویستی ئاشتی لەبەرانبەر جیهان و پیشاندانی وێنەیەکی جوانی چین

لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی کە بەهۆی سیستمە تاک حزبییەکەیەوە گومان لەسەر شەرعیەت بوونی سیستمی دەسەڵاتی دەخەنەڕوو(wetzstein, 2020, p27).
میرشایمەر پێشبینی ئەوە دەکات کە لە داهاتوودا سێ سیستمی جیاواز بێتەکایەوە: سیستمێکی نێودەوڵەتی لاواز و دوو سیستمی دیاریکراوی بەهێز، کە یەکێکیان چین سەرکردایەتی دەکات و ئەوی تریان ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات. سیستمە نێودەوڵەتییە لاوازەکەش گرنگی دەدات بە سەرپەرشتیکردنی ڕێکەوتن نامەکان، سنووردارکردنی چەک، کاراکردنی ئابووری جیهانی و کێشەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا و مەترسییەکانی سەرژینگە(عبدالشافي، ٢٠٢٢). هەروەها میرشایمەر پیی وایە ئەگەر سیستمی نوێی جیهانی فرەجەمسەر دروست بوو، ئەوا دوو تایبەتمەندی بنەڕەتی دەبێت(Mearsheimer, 2019, p 45-48):
یەکەم: لە ئەگەری بەردەوامی هەڵکشانی چیندا، چین لەگەڵ ئەمریکادا دەکەوێتە ناو ململانێیەکی توندی ئاسایش، و هەریەک لە چین و ئەمریکا، هاوپەیمانێتییە سەربازییەکانیش لە دژی یەکتر بە سەرکردایەتی ئەم دوو زلهێزەوە دەبێت، هەمان شێوازی شەڕی سارد بەسەرکردایەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران.
دووەم: بوونی پەیوەندییەکی پتەوی ئابووری لە نێوان چین و ئەمریکا لە لایەک و چین و هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەک ئەمریکا و چین لە هەموو جیهاندا بازرگانی و وەبەرهێنان دەکەن، تەنها ململانێکانیان لە بواری ئاسایشدا چڕ ناکەنەوە، چونکە دەستکەوتە ئابوورییەکانیش گرنگ و پێویستن، تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش نەیەوێت ئەم مامەڵە و بازرگانییە لەگەڵ چین بکات، ئەوا چین لە گەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەردەوام دەبێت و ئەو بازرگانییە دەکات.
لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەو ململانێ و کێبڕکێیەی نێوان چین و ئەمریکا، هەردووکیان دەخاتە کێبڕکێی ئابووری و سەربازییەکی سەرتاسەری، هەمان بارودۆخی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەتی سەردەمی شەڕی سارد.

**دەرەنجام:**
سیاسەت و هەڵوێستی چین سەبارەت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ناڕوونە، هەوڵدەدات بێ لایەن و هاوسەنگ بێت لە نێوان بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و ڕۆژئاوا. چین بە وردی کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەبەرچاو دەگرێت، بەو پێیەی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕووسیا هەیە، هەروەها لەگەڵ ڕووسیا و ڕۆژاواش بەرژەوەندی هاوبەشی هەیە و نایەوێت ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناتۆ و ئەمریکا دروست بێت. لە هەمان کاتدا چین ئاگاداری ئاڵۆزبوونی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانێتی لەگەڵ ڕۆژئاوا، هەر بۆیەش سیاسەتێکی هاوسەنگ و بە وردی لەبەرچاو گیراو پەیڕەو دەکات.
چین هەرچەندە لایەنێکی ڕاستەوخۆی شەڕەکە نییە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی هەبووە و هەروەها ئەو دەرفەت و مەترسیانەشی کە لەوانەیە بەدوای خۆیدا بهێنێت. چین و ڕووسیا دیدێکی هاوبەشیان هەیە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی، چونکە هەردوولا

هەوڵدەدەن هەژموونی ئەمریکا کەمبکەنەوە و کاردەکەن بۆ دامەزراندنی سیستمێکی جیهانی فرە جەمسەری، هاوکات ڕۆڵی بریکس و ڕێکخراوی هاوکاریی شەنگەهای بەهێزتر بکەن.
چین خاوەنی هێزی ئابوری و سەربازییە، لە ڕیزبەندی زۆرترین دانیشتوان و دووەم گەورەترین ئابووری جیهانە. ئەمەش وایکردووە کە تادێت هێزێکی کاریگەرتر بێت لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، هەوڵدەدات هاوسەنگی هێزی جیهانی لەڕێگەی ستراتیژی جۆراوجۆرەوە دابڕێژێتەوە، وەک دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا کە ئامانجی دووبارە بنیاتنانەوەی ڕێگای ئاوریشمییە.
چین ئابووری دیجیتاڵیدا وەک هێزی خۆی بەکاردەهێنێت، کە بەشێکی سەرەکی ستراتیژییەتی خۆیەتی بۆ ڕکابەریکردنی تواناکانی ئەمریکا لەڕێگەی گۆڕینی یوان بۆ دراوێکی دیجیتاڵی کاریگەر و پەرەپێدانی سیستەمی ئابووری کە بەشێکی لە ڕۆژئاوا جیادەکاتەوە. هەروەها بانکی وەبەرهێنانی ئاسیا وەک ئامرازێکی دیکە بەکاردەهێنێت بۆ فراوانکردنی کاریگەرییەکانی.

**سەرچاوەی کوردی:**
-ئەردەلان عبداللە، چین زلهێزی نوێی جیهان: لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی، مێژوویی، ئابوور و کۆمەڵایەتی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2019.

**المصادر العربية**
**الكتب :**
ايرن فرانك وديفيد براونستون، طريق الحرير، ترجمة احمد محمود، مصر، مطبعة الاهرام ،1986.
أميرة احمد حرزلي، مبادرة الحزام والطريق الصينية: خلفية والاهداف والمكاسب، مجموعة مؤلفين (مبادرة الحزام والطريق الصينية:مشروع القرن الاقتصادي في العالم)، مركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسة والاقتصاد، 2019.
الامم المتحدة-المجلس الاقتصادي و الاجتماعي، الجنة الاقتصادية و الاجتماعية لغربي أسيا- الاسكوا، مبادرة الحزام و الطريق: ماذا تحمل للمنطقة العربية، الدورة الاستثنائية السادسة، عمان، 2019.
جوزيف ناي،القوة الناعمة وسيلة لنجاح في السياسة الدولية، مملكة العربية السعودية: العبيكان، ط١، ٢٠٠٧.
علي جلال معوض، مفهوم القوة الناعمة و تحليل السياسة الخارجية، مكتبة الاسكندرية، مركز الدراسات الاستراتيجية، مصر، ٢٠١٩.
ليو وي، طريقا الحرير القديم و الجديد- خلق عالم مترابط بين الشرق و الغرب، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم ناشرون، لبنان، 2018.
جهاد عودة، النظام الدولي: نظريات و اشكاليات، ط٤، دار الهدى للنشر و التوزيع مصر، ٢٠٠١.
جندلي عبدالناصر، التنظير في العلاقات الدولية بين الاتجاهات التفسيرية و النظريات التكوينية، ط١، دار الخلدونية للنسر و التوزيع، الجزائر، ٢٠٠٧.
**البحوث العلمية:**

أحمد أمين و اخرون، الازمة الاوكرانية و تداعياتها على المستقبل النسق الدولي، المركز الديمقراطي العربي، للدراسات الاستراتيجية و السياسية و الاقتصادية، المانيا/ برلين.
أحمد حسين الخطيب، الاستراتيجية الصينية في أطار مبادرة الحزام والطريق وتأثيرها على الاقتصاد الدولي، مجلة جيل، عدد 24، لبنان، 2019.
شريفة كلاع، جيوسياسية الصين ومكانتها من خلال استراتيجية عقد اللؤلؤ: هل تخلق لها رهانات وتحديات، مجلة الجزائرية للأمن والتنمية، مجلد10، عدد1، 2021.
كوثر عباس الربيعي، الأزمة الاوكرانية و العلاقات الروسية-الأمريكية التاريخ و الجيوستراتيجية، جامعة النهرين، مجلة العراقية، العدد( 46-45) ، الصفحات ( 149-172)، ٢٠١٦.
محمد صادق جميل الحمداني،الأزمة الأوكرانية و أثرها على مستقبلها الجيوبولوتيكي، مجلة كلية التربية الأساسية، العدد( ١٠١)، المجلد( ٢٤)، الصفحات (٣٤١-٣٥٦)، ٢٠١٨.
دايد محمد زين العابدين، تاثير الصعود الصيني على حقل التنظير في العلاقات الدولية، جامعة جيلالي بو نعامة خميس مليانة، ٢٠٢٤/١/٢٤.
حسن محمود جابر، النظرية الواقعية التقليدية في العلاقات الدولية، الموسوعة السياسية، ٢٠٢٤.
هيا العزن، مفهوم النظرين الواقعية الكلاسيكية في العلاقات الدولية، ٢٠٢٣.

**المصادر الاكترونية:**

وكالة انباء البحرين، (أوراسيا) .. تكتل دولي ضخم يضم 92 بلدا يتجاوز الجغرافيا وتتداخل فيه المصالح والتفاهمات، 21سبتمبر 2019،
https://www.bna.bh/news?cms=q8FmFJgiscL2fwIzON1%2BDhhPGvVFMeT6t%2FHZsKWA1us%3D ، تاريخ الزيارة: 2023/12/١٨.
أحمد محمد أبوزيد، الأزمة الاوكرانية و الحرب الباردة الجديدة، في فهم الواقع الدولي، معهد العربية للدراسات، (٢٦مارس٢٠١٤)، https://www.fateh-gaza.com/post/32085 ، تاريخ الزيارة: 2023/12/٥.
أمين زرواطي، الصين - روسيا: من التنافس الإقليمي إلى تعزيز العلاقات بعد اندلاع الحرب في أوكرانيا؟، نشرت في21/03/2023 ، تاريخ الزيارة: 202٤/٩/٩.
https://www.france24.com/ar/%D8%A2%D8%B3%D9%8A%D8%A7/20230321-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%86%D8%A7%D9%81%D8%B3-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85%D9%8A-%D8%A5%D9%84%D9%89-%D8%AA%D8%B9%D8%B2%D9%8A%D8%B2-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%AA-%D8%A8%D8%B9%D8%AF-%D8%A7%D9%86%D8%AF%D9%84%D8%A7%D8%B9-

%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A8-%D9%81%D9%8A-
%D8%A3%D9%88%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A7

سالي اسماعيل، خريطة النفط حول العالم في 10 رسوم بيانية- قبل 3 أزمات عالمية: أزمة كورونا وأزمة الطاقة وأزمة الغزو الروسي لأوكرانيا، من اعداد البحث موقع الطاقة، 2022/5/10، تاريخ الزيارة: 2024/١٠/٥.

https://attaqa.net/2022/05/10/%D8%AE%D8%B1%D9%8A%D8%B7%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B7-%D8%AD%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85-%D9%81%D9%8A-10-%D8%B1%D8%B3%D9%88%D9%85-%D8%A8%D9%8A%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9/

الصين اليوم، البنك الاسيوي للاستثمار في البنية التحتية محرك جديد لتنمية اسيا و العالم، تاريخ الزيارة: 2024/١٠/٩.

http://www.chinatoday.com.cn/ctarabic/se/2015-06/24/content_693442.htm

عبد الله خليفة الشايجي، حرب روسيا على أوكرانيا وتصعيد الصين ضد تايوان، ٧أغسطس 2022 ، تاريخ الزيارة: 2024/٩/٣.

https://www.alquds.co.uk/%D8%AD%D8%B1%D8%A8-%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%A3%D9%88%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A7-%D9%88%D8%AA%D8%B5%D8%B9%D9%8A%D8%AF-/%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%B6%D8%AF

عصام عبد الشافي، الحرب الروسية-الأوكرانية ومستقبل النظام الدولي، ٣ مايو ٢٠٢٢، تاريخ الزيارة: 2024/٨/٣.

https://studies.aljazeera.net/ar/article/5361#a27

ناصر السهلي، الصين وأدوار الوساطة لحل النزاعات: محاولة لعب دور عالمي، العربي الجديد، 28 أبريل/نيسان 2023، تاريخ الزيارة: 2024/٩/٥.

https://www.alaraby.co.uk/politics/%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D9%88%D8%A3%D8%AF%D9%88%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B3%D8%A7%D8%B7%D8%A9-%D9%84%D8%AD%D9%84-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B2%D8%A7%D8%B9%D8%A7%D8%AA-%D9%85%D8%AD%D8%A7%D9%88%D9%84%D8%A9-

%D9%84%D8%B9%D8%A8-%D8%AF%D9%88%D8%B1-
%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%8A
محمد فايز فرحات، الحسابات الصينية في الأزمة الروسية-الأوكرانية، مركز الأهرام للدراسات السياسية والإستراتيجية، 26 فبراير/شباط 2022، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١٠/٧.
/https://acpss.ahram.org.eg/News/17411.aspx
عادل صبري، هل تمتلك الصين أدوات تغيير النظام العالمي.. أم أنه التهويل الأميركي؟، ٣/ ١٠/ ٢٠٢٣، الجزيرة، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/٩/٣.
https://www.aljazeera.net/opinions/2023/10/3/%d9%87%d9%84-%d8%aa%d9%85%d9%84%d9%83-%d8%a7%d9%84%d8%b5%d9%8a%d9%86-%d8%a3%d8%af%d9%88%d8%a7%d8%aa-%d8%aa%d8%ba%d9%8a%d9%8a%d8%b1%d8%a7%d9%84%d9%86%d8%b8%d8%a7%d9%85?fbclid=IwAR0H36y1TgqLh7jpv50jHRgH8_oJanu9d5bm78AkeCwgQr9HIc0t_OayTwc

عبدالله العقرباوي، "هل تكون الحرب في أوكرانيا بداية نظام دولي جديد؟"، الجزيرة نت، 27 فبراير/شباط 2022، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/٩/١٤، https://bit.ly/3IRuKfU.
عبد القادر دندن، الموقف الصيني من الحرب الروسية الأوكرانية: خلفياته وحساباته، رفيع في صعودها كقوة عالمية، ٣ اغسطس ٢٠٢٣، مركز الجزيرة للدراسات، تاريخ الزيارة: ٩ /٨ /2024.

https://studies.aljazeera.net/ar/article/5706?fbclid=IwAR00mzBz8v3QGqlhC5JF9Zg8MwZwqC4XVmJgfC1r58HrYNkVbSIv04xS6PY
، ما مكاسب الصين من حرب أوكرانيا؟.. خبراء أميركيون يجيبون، الجزيرة نت، شبكة محمد المنشاوي الجزيرة الاعلامية، ٢٣/ ٢/ ٢٠٢٣، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/٨/٢.

https://www.aljazeera.net/politics/2023/2/23/%D8%A8%D8%B9%D8%AF-%D8%B9%D8%A7%D9%85-%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A8%D8%8C-%D9%88%D8%A7%D8%B4%D9%86%D8%B7%D9%86-%D8%AA%D8%AA%D8%B3%D8%A7%D8%A1%D9%84-%D9%87%D9%84
الجزيرة، الثورة البرتقالية، ٢٠١٥/٦/٢، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/٨/٢.
.https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2015/6/2/%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%84%D9%8A%D8%A9

علي حسين باكير، مفهوم "الصعود السلمي" في سياسة الصين الخارجية، 21أبريل 2011 ، تاريخ الزيارة: 2024/٩/١٤، https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2011/201172113270156186.html،

مجلة أمريكية: هل تستطيع الصين حقا بناء نظام عالمي جديد؟، الجزيرة، ٢٠٢٣/٩/٣٠، تاريخ الزيارة: 2024/٧/١١.

https://www.aljazeera.net/politics/2023/9/30/%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%A9-%D8%A3%D9%85%D9%8A%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A9-%D9%87%D9%84-%D8%AA%D8%B3%D8%AA%D8%B7%D9%8A%D8%B9%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%AD%D9%82%D8%A7%D9%8B-%D8%A8%D9%86%D8%A7%D8%A1

الجزيرة، "ابريكس".. تكتل اقتصادي يسعى لكسر هيمنة الغرب على الاقتصاد العالمي، ٢٠٢٤، تاريخ الزيارة: 2024/١٢/١٨.
https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2023/5/4/%D8%A8%D8%B1%D9%8A%D9%83%D8%B3-%D8%AA%D9%83%D8%AA%D9%84-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D9%8A-%D9%8A%D8%B3%D8%B9%D9%89-%D9%84%D9%83%D8%B3%D8%B1-%D9%87%D9%8A%D9%85%D9%86%D8%A9

الميادين نت، كيف تهزم عدوّك؟ سون تزو وفنّ الحرب، 7تموز 2023،
https://www.almayadeen.net/arts-culture/%D9%83%D9%8A%D9%81-%D8%AA%D9%87%D8%B2%D9%85-%D8%B9%D8%AF%D9%88%D9%83-%D8%B3%D9%88%D9%86-%D8%AA%D8%B2%D9%88-%D9%88%D9%81%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A8

تعرف على سون تزو مؤلف كتاب فن الحرب

https://ahmedslibrary.com/2020/08/03/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%81-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%B3%D9%88%D9%86-%D8%AA%D8%B2%D9%88-%D9%85%D8%A4%D9%84%D9%81-%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%81%D9%86-/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A8

هوشيار جودت، الجذور التاريخيّةلنظرية القون الناعمة، المنار، ٢٧ ديسمبر ٢٠١٤، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/٩/٣، https://manar.com/page-22498-ar-ar-ar.html

ما هي منظمة شنغهاي وما أهدافها؟ ، المرصد، الميادين نت، ٥/٧/ ٢٠٢٣، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١٢/١٢، https://marsaddaily.com/news.aspx?id=12831&mapid=11،

**English References**

**Academic Journal:**

John J. Mearsheimer, "Bound To Fail: The Rise and Fall of the Liberal International Order," International Security, Vol. 43, no. 4 (Spring 2019).

Nye, Joseph S. 2014. The Information Revolution and Soft Power. Current History 113(759).

Wagner, Jan-Philipp N E,2014, The Effectiveness of Soft & Hard Power in Contemporary International Relations, University of Dundee.

**Website:**

Robert Kagan, "What we can expect after Putin's conquest of Ukraine," Washington Post, February 21, 2022. (accessed on 3/01/2024) https://www.washingtonpost.com/opinions/2022/02/21/ukraine-invasion-putin-goals-what-expect/

Ian Johnson, Why China Is Struggling to Deal With Russia's War in Ukraine? New York, Council on Foreign Relations, Feb 25, 2022. https://www.cfr.org/in-brief/china-russia-war-ukraine-taiwan-putin-xi/ (accessed on 3/01/2024)

Iliya Kusa, China's Strategic Calculations in the Russia-Ukraine War, Wilson Center, Washington DC, June 21, 2022. https://www.wilsoncenter.org/blog-post/chinas-strategic-calculations-russia-ukraine-war/ (accessed on 9/01/24).

**Master's Theses and Doctoral Dissertations:**

Kokkinos, S.H., 2012. China in Africa: the use of soft power and its implications for a global peaceful rise (Doctoral dissertation, Stellenbosch: Stellenbosch University).

Shrestha, S., 2019. Soft Power Strategy of China (Doctoral dissertation, Department of International Relation & Diplomacy), Faculty of Humanities and Social Sciences, Tribhuvan University, Kathmandu, Nepal.

Wetzstein, A., 2020. Confucius institutes as part of Chinese soft power: The case of Instituto Confúcio da Universidade de Lisboa (Doctoral dissertation).

Nadege Rolland, China's Eurasian century? Political and Strategic implications of the Belt and Road Initiative, the national Bureau of Asian Research, 2017.

Patrick Kingsley, "The Ukraine Crisis: What to Know About Why Russia Attacked", The New York Times, (march.2022), https://www.nytimes.com/article/ukraine-russia-putin.html Retrieved: 8/12/2023.